دارایی عێراق دەست دەکات بە ئامادەکردنی بودجەی 2026



هاوڕێکارەکی دارایی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، وەزارەتی دارایی دەستیکردووە بە ئامادەکردنی بودجەی ساڵی 2026، هاوکات میکانیزمی خەرجکردنیشی دیاریکردووە لە ئێگری دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی.

مەزهەر محەمەد ساڵح، هاوڕێکاری دارایی سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەمە شەممە لەلادوانێکدا بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەعبەدواداچوونی بە کردووە باسی لەوەکردوە، "بڕیاری یاسای هەموارکراوی بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی ژمارە (6ی ساڵی 2019)، وەزارەتی دارایی فیدراڵی بەردەوامە لە ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵی دارایی 2026".

ئاماژەی بۆشکرد، "ئێگەر بڕیاری خولی داهاتوی پەرلەمانەوە نەتوانرێت لەماوەی دیاریکراوی دەستوری یان یاسایێدا یاسای بودجەی پەسەند بکرێت، حکومەت لە ساڵی 2026دا بۆ ڕێژەی 1/12ی خەرجییە هاستەقینەکانی ئێستا بۆ ساڵی 2025، لەوانەش خەرجکردنی پڕۆژە وەبەرهێنانی بەردەوامکان، پابەندبونی دەرکییەکان و خەرجییە شایستییەکانی دیکە جێبەجێ دەکات".

ئەو هاوڕێکارەی سودانی باسی لەوەکردوە، "چالاکی دارایی بەردەوام دەبێت لە کەکردنەوەی داهات و

خەرجکردن لە هەگبەی ئەو بەگانەی خەرجییەوە کە لە یاسای بەهەوبردنی دارایی فیدراڵیدا دیاریکراون تاوەکو بودجەی ساڵی 2026 لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەند دەکرێت، لەوکاتەدا، تەرخانکردن ئازاد دەکرێت بۆ هەر چالاکیەک کە گەشەی ئابووری و گەشەپێدانی بەردەوام پەویستی پێیەتی، لەوانەش پڕۆژەی وەبەرهێنانی نوێ و پابەندبوونە سەرهەداوەکانی دیکە".